
KURDISTAN FILM FUND
یاسای پێکدادانی بەرژەوەندییەکان

یاسای پێکدادانی بەرژەوەندییەکان

1. ئامانج

سندوقی فیلمی کوردستان (KFF) پابەندە بە تێپەڕاندنی تەواوی داواکاری، هەڵسەنگاندن، بڕیاری پاڵپشتی، و سەرپەرشتی پاڵپشتی دارایی بە شێوەیەکی **ڕەوا، سەربەخۆ، بێلایەن، ڕوون، و پیشەیی.**

یاسای پێکدادانی بەرژەوەندییەکان بنەما و پڕۆسەیەک پێک دەهێنێت بۆ ناسینەوە، ڕاگەیاندن، بەڕێوەبردن و تۆمارکردنی پێکدادانی بەرژەوەندی ڕاست یاخود ئەگەری پێکدادانی بەرژەوەندی پەیوەندیدار بە سندوقی فیلم.
یاساکە نەک تەنیا ڕێگا لە کاریگەری خراپ دەگرێت بەڵکو ئامانج لێی پاراستنی پێشکەشکاران، دەستەی دادوەری، ستاف، شارەزایان و ناوبانگ و متمانەیی سندوقی فیلمی کوردستانیشە.

2. مەودا

یاساکە ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

- ئەندامانی سندوقی فیلمی کوردستان و دەستەی بەڕێوەبردن
- سەرپەرشتیاری پڕۆگرام و کەسانی تیمی بەڕێوەبەریێتی سندوق
- ئەندامانی دەستەی دادوەری
- کەسانی شارەزای کلتووری کوردی و هەڵسەنگێنەرانی شیاویی
- خوێنەرانی دەرەکی، ڕاوێژکاران، و هەڵسەنگێنەران
- کەسانی شارەزا لە دارایی، یاسایی، یاخود تەکنیکی سندوق
- ئەندامانی ئۆرگانی بەڕێوەبردن یان سەرپەرشتیکردنی پەیوەنددیار بە بڕیارەکانی سندوق
- پێشکەشکاران، دەرهێنەران، بەرهەمهێنەران، هاوبەرهەمهێنەران، لەگەڵ نوێنەرانیان.

تەواوی ئەو کەسانەی لە پڕۆسەکانی سندوقی فیلمی کوردستان بەشدارن، بەرپرسیارن لە ناسینەوە و ڕاگەیاندنی پێکدادانی بەرژەوەندی بە زووترین کات پاش ئاگادارکردنەوە لێیان.

3. پێکدادانی بەرژەوەندی چییە؟

پێکدادانی بەرژەوەندی کاتێک دروست دەبێت گەر بەرژەوەندی کەسیی، پیشەیی، دارایی، خێزانیی، دامەزراوەیی، یان هەر بەرژەوەندییەکی دیکە کاریگەری - یاخود گریمانەی دروستبوونی کاریگەری - بۆ سەر بێلایەنی کەسێک هەبێت لە پەیوەندی ئەوان بۆ داواکاری یان بڕیارێکی سندوقی فیلمی کوردستان.
سێ جۆر لە پێکدادان لەلایەن سندوقی فیلمی کوردستان ناسێندراوە:

3.1 پێکدادانی ڕاستەقینە

پێکدادانی بەرژەوەندیی ڕاستەقینە کاتێک دروست دەبێت کە بەرژەوەندی ئێستای کەسێک یاخود پەیوەندییەکانیان بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری بخەنە سەر توانایان لە بڕیاردانی بێلایەن.

3.2 ئەگەری پێکدادان

ئەگەری پێکدادانی بەرژەوەندی کاتێک دروست دەبێت گەر دۆخی لایەنێک بشێت ڕووەو پێکدادانی ڕاستەقینە بڕوات

3.3 هەستکردن بە پێکدادان

هەستکردن بە پێکدادانی بەرژەوەندی کاتێک دروست دەبێت گەر کەسێک پێی وابێت سەربەخۆیی و بێلایەنی کەسێک ڕەنگە بچێتە ژێر گومانەوە، گەرچی کاریگەریی خراپیش لەو کاتەدا بوونی نەبێت.
تێگەیشتنی لایەنەکان گرنگە. پاراستنی متمانە لە ڕەوایی پڕۆسەی بڕیاردانی سندوقی فیلمی کوردستان گرنگە بۆ متمانەی سندوقەکە.

4. ئەو بارودۆخانەی دەکرێت ببنە پێکدادانی بەرژەوەندی

ڕەنگە پێکدادانی بەرژەوەندی دروست ببێت گەر ئەندامی ستاف، ئەندامی دەستەی دادوەری، شارەزا، ڕاوێژکار، یاخود بڕیاردەر:

بەرژەوەندی دارایی

- بەرژەوەندی دارایی لە پێشکەشکار، پڕۆژە، کۆمپانیایەکی بەرهەمهێنان، یاخود هاوبەشێکدا هەبێت
- ڕەنگبێت سوودی دارایی لە قبوڵبوون یان قبوڵ نەبوونی پڕۆژەیەکدا هەبێت
- لە دانوستان یان پێشبینی کارێکی پارەداری داهاتوو بێت لەگەڵ پێشکەشکار یان پڕۆژەیەک

پەیوەندی پیشەیی

- لە ئێستادا کار لەسەر پڕۆژەکە بکات
- پێشتر کاری بەرچاوی لەسەر پڕۆژەکە کردبێت
- وەک ڕاوێژکاری سیناریۆ، بەرهەمهێنەر، هاوبەرهەمهێنەر، دابەشکار، فرۆشیار، یاخود هاوکاری دیکەی پیشەیی بۆ پڕۆژەکە کردبێت
- لە ئێستادا کارمەند یان پەیوەندیداری پیشەیی بێت بە پێشکەشکار یان کۆمپانیای بەرهەمهێنان
- پەیوەندییەکی بازرگانی بەردەوامی لەگەڵ پێشکەشکار هەبێت.

پەیوەندی خێزانی و کەسی

- خێزانی ڕاستەوخۆ یان نزیکی پێشکەشکار، دەرهێنەر، بەرهەمهێنەر، هاوبەرهەمهێنەر، یاخود ئەندامێکی سەرەکی پڕۆژەکە بێت.
- پەیوەندی کەسی نزیکی هەبێت کە بشێت کاریگەری بخاتە سەر بڕیارییەکان
- کێشەی بەرچاوی کەسی یاخود دژایەتی لەگەڵ پێشکەشکار هەبێت

پەیوەندی دامەزراوەیی

- نوێنەرایەتی دامەزراوەیەک بکات کە بە شێوەی ڕاستەوخۆ بەشداربێت لە پڕۆژەکەدا
- کار بۆ دامەزراوەیەک بکات پاڵپشتی دارایی، بەرهەمهێنان، دابەشکردن یان هەر جۆرە پاڵپشتییەکی دیکەی مادیی بۆ پڕۆژەکە دابین بکات
- لە ئاستی بڕیاردانداببێت لە دەزگایەک کە بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی لە دەرئەنجامی داواکاری پێشکەشکراودا هەبێت.
-

پەیوەندی پێشینە

هەبوونی پەیوەندی پێشینەیی پیشەیی نابێتە پێکدادانی بەرژەوەندی خودکاریی.

بۆ نموونە ئەگەر:

- لە فیستیڤاڵێک بە پێشکەشکار ئاشنا بووبێت
- لە دەستەیەکی دادوەری پێشووتردا کاری لەگەڵ کردبن
- لە هەمان بۆنەی پیشەییدا بەشدار بووبن
- بەشداری وۆرکشۆپێکی کردبێت کە ئەوانی لەخۆگرتبێت
- پەیوەندی پیشەیی ئاسایی لەگەڵیان هەبووبێت
- لەم حاڵەتانەدا پێویست بە خۆبەدوورگرتن ناکات.
- پێویستە سروشتی، نزیکیی، مەودای، پەیوەندی دارایی، و گریمانەی کاریگەری پەیوەندییەکە بخرێتە بەرچاو.

5. پێکدادانی بەرژەوەندی پێشکەشکار

پێشکەشکاران پێویستە هەبوونی هەر پێکدادانێکی بەرژەوەندی ڕاستەقینە، گریمانە، یان هەستپێکراو ڕابگەیەنن گەر ئەم لایەنانەی گرتەوە:

- ئەندامی ستافی سندوقی فیلمی کوردستان
- ئەندامی دەستەی دادوەری
- شارەزایانی کلتووری
- ڕاوێژکاران
- بەڕێوبەرانی سندوق
- ئەندامانی دەستەی بەڕێوەبەرایەتی
- کەسانی دیکە کە ڕاستەوخۆ بەشداربن لە هەڵسەنگاندن و پڕۆسەی بڕیاردان.

پێشکەشکاران نابێت هیچ جۆرە پەیوەندییەک لەوانەی ئاماژەی پێ کراوە بشارنەوە.

هەبوونی پەیوەندییەکی ئاماژەپێکراو نابێتە هۆی ناشایستەیی خودکاریی پڕۆژەیەک. سندوقی فیلمی کوردستان هەڵسەنگاندن بۆ دۆخی پێکدادان دەکات و بڕیار دەدات داخۆ دەتوانن پێکدادانەکە بەڕێوە ببەن یاخود نا.

6. بەیاننامەی ناچارپێ

تەواوی ئەندامانی دەستەی دادوەری، ستاف، شارەزایان، لەگەڵ کەسانی دیکەی بەشدار لە هەڵسەنگاندنی داواکارییەکان یاخود بڕیاردان دەبێت **بەیاننامەی پێکدادانی بەرژەوەندییەکان** پڕ بکەنەوە.

پێویستە بەیاننامەکە پڕ بکرێتەوە:

بەر لەوەی دەستگەیشتن بە داواکارییەکان دابین بکرێت و هەرکات پێکدادانێکی نوێ سەری هەڵدا، پێویستە نوێ بکرێتەوە.

نابێت هیچ لایەک چاوەڕێ بکات تا کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری ئەنجام بدرێت بۆ ڕاگەیاندنی پێکدادانێکی ناسراو.

7. پشکنینی پێکدادان بە ڕێگای پڕۆژە-بە-پڕۆژە

هەرکات لیستی پڕۆژە شایستەکان کۆتاییهات، دەبێت ئەندامانی دەستەی دادوەری و شارەزایانی پەیوەندیدار لیستێکیان پێ بگات کە ئەم زانیارییانەی تێدایە:

- ناونیشانی پڕۆژەکان
- دەرهێنەران
- بەرهەمهێنەران
- کۆمپانیاکانی بەرهەمهێنان
- هاوبەرهەمهێنەران (گەر گونجا)

پێویستە پێداچوونەوە بۆ لیستەکە بکەن و ئەگەری هەر پێکدادانێک ڕابگەیەنن بەر لەوەی هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکان بکەن.

گەر پێویست بوو، ڕەنگە سندوقی فیلمی کوردستان داوای زانیاری زیاتر بکات بۆ بڕیاردان لە ڕێکاری پێویست.

8. بەڕێوەبردنی پێکدادان

ڕاگەیاندنی پێکدادان پێویست بە دوورخستنەوەی خودکاری ناکات لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژەیەک.

بەپێی سروشت و ڕژدیی پێکدادانەکە، سندوقی فیلمی کوردستان بڕیار دەدات:

ئاستی 1 - تەنیا ڕاگەیاندن

پەیوەندییەکە تۆمار دەکرێت بەڵام کاریگەری لەسەر بێلایەنی نابێت

کەسەکە دەتوانێت بەردەوام بێت لە بەشداریکردن

ئاستی 2 - بەشداریی سنوردار

کەسەکە دەتوانێت بە شێوەیەکی گشتی بەردەوامبێت لە بەشداربوون بەڵام نابێت:

- نمرەدانان بۆ داواکاریی کارلێکراو بکات
- سەرنج بدات لەسەری
- دەستی بگات بە هەندێک زانیاری و بەڵگەنامەی نهێنی
- لە هەندێک گفتوگۆی تایبەتدا بەشداربێت

ئاستی 3 خۆبەدوورگرتن

کەسەکە پێویستە:

- هەڵسەنگاندن بۆ داواکارییەکە نەکات
- نمرەدانانی بۆ نەکات
- لە کاتی باس کردنیدا، گفتوگۆکە جێبهێڵێت
- بەشدارنەبێت لە گفتوگۆی ئەو پڕۆژەیە
- بەشدارنەبێت لە دیاریکردنی بڕی پاڵپشتی
- نابێت کاریگەری لەسەر ئەندامانی دیکەی دەستەی دادوەری دروست بکات

ئاستی 4 دوورخستنەوە

گەر کاریگەری پێکدادانەکە بە شێوەیەکی بەرچاوبوو یاخود کاریگەری لەسەر بەشێیکی بەرچاوی پڕۆسەکە هەبوو، ڕەنگە ئەو کەسە لە دەستەی دادوەری، پڕۆسەی هەڵسەنگاندن، یاخود بەشی پەیوەندیدار بە سندوق لابربێت یان لە کاتی پێویستدا دەگۆڕدرێت بە کەسێکی دیکە.

9. پڕۆسەی خۆبەدوورگرتن

گەر خۆبەدوورگرتن پێویست بوو:

- دەبێت پێدادانەکە بە شێوەی فەرمی تۆماربکرێت.
- کەسی کارلێکراو چیتر ئەرکی هەڵسەنگاندنی دیکە بۆ ئەو پڕۆژەیە وەرناگرێت.

- کەسەکە چیتر نمرەدانان بۆ ئەو داواکارییە ناکات.
- لە کاتی کۆبوونەوەی دەستەی دادوەری بۆ ئەو پڕۆژەیە، کەسەکە کۆبوونەوە جێدەهێڵێت.
- تێبینییەکان خۆبەدوورگرتنەکە تۆمار دەکەن.
- کەسەکە تەنیا دوای تەواوبوونی گفتوگۆ و بڕیار دەربارەی ئەو پڕۆژەیە دەگەڕێتەوە.

هەروەها نابێت ئەو کەسە هەوڵی دروستکردنی کاریگەری لەسەر بڕیاردان بدات.

10. ئەرکی ئەندامانی دەستەی دادوەری

ئەندامانی دەستەی دادوەری دەبێت:

- بە شێوەی سەربەخۆ و بێلایەن هەڵسەنگاندن بۆ پڕۆژەکان بکەن.
- دەمودەست هەبوونی پێکدادانی بەرژەوەندی ڕابگەیەنن.
- ڕێز لە پاراستنی زانیاری نهێنی بگرن.
- بڕیار تەنیا لەسەر بنەماکانی هەڵسەنگاندنی سندوق فیلمی کوردستان بدەن.
- خۆیان لە مامەڵەی تایبەت بپارێزن.
- خۆیان لە کاریگەری دەرەکی بپارێزن.
- هەموو هەوڵێکی پێشکەشکاران یان لایەنی سێیەم بۆ لۆبیکردنیان ڕەت بکەنەوە.

پێویستە ئەندامانی دەستەی دادوەری ڕاستەوخۆ هەر هەوڵێک بۆ کارلێکردن لە هەڵسەنگاندنیان بە شێوەیەکی نادروست بۆ سندوق فیلمی کوردستان ڕابگەیەنن.

11. ئەرکی ئەندامانی سندوق فیلمی کوردستان

ئەندامانی سندوق فیلمی کوردستان نابێت پلەی خۆیان بەکاربێنن بۆ:

- بانگەشە کردن یان زیان گەیاندن بە داواکارییەک.
- کاریگەری خستنە سەر ئەندامانی دەستەی دادوەری بۆ دەرئەنجام.
- زانیاریی ئیمتیازیی بدەن بە پێشکەشکارێک.
- هاوکاری هونەریی پێشکەش بە پێشکەشکاری دیاریکراو بدەن لە کاتی بانگەشەی چالاک بۆ وەرگرتنی داواکاری.
- دەستکاری پێویستییەکانی شیاویی بکەن بۆ پێشکەشکارێکی دیاریکراو.
- بەڵگەنامەی نافەرمی قبوڵ بکەن یان چاوپۆشی لە دەرەوەی پڕۆسەی دیاریکراو بکەن.
- زانیاری نهێنی تایبەت بە پڕۆژەیەکی ڕکابەر ڕابگەیەنن.
- دەستوەردانە نمرەدانان یان گفتوگۆی دەستەی دادوەری.

گەر ئەندامێکی پێکدادانی لەگەڵ یەکێک لە داواکارییەکان هەبوو، ئەو ئەندامە نابێت سەرپەرشتی هەڵسەنگاندنی شیاویی پەیوەندیدار یان بڕیاردان بکات.
پێویستە داواکارییەکە بدرێت بە ئەندامێکی دیکەی ڕێپێدراوی سندوق فیلمی کوردستان.

12. دیاری، میوانداری، یاخود سودگەیاندن

کەسانی بەشدار لە هەڵسەنگاندن و بڕیاردان لە سندوق فیلمی کوردستان نابێت داوای وەرگرتن یان قبوڵی وەرگرتنی دیاری، پارەدان، کار، سود، خزمەتگوزاری، میوانداری، یان هەر سودێکی دیکە بکەن کە ڕەنگبێت کاریگەری هەبێت یان وا دەربکەوێت کاریگەری هەبێت لەسەر سەربەخۆییان.
ڕێکەوتی میوانداریی ئاسایی لە بۆنەی پیشەیی گشتیدا ڕەنگە مایەی قبووڵکردن بێت گەر لە ئاستێکی بچووک بێت و پەیوەندیدار نەبێت بە داواکارییەکی چالاک، هەروەها وەک هەوڵێک لێکنەدرێتەوە بۆ دروستکردنی کاریگەری لەسەر بڕیار.
گەر گومان هەبوو، باشترە ڕەت بکرێتەوە و ڕابگەیەندرێت.

13. پەیوەندی لە نێوان پێشکەشکار و ئەندامانی دەستەی دادوەری

نابێت پێشکەشکاران و نوێنەرانیان لە ماوەی چالاکی وەرگرتنی داواکاری سندوق

فیلمی کوردستاندا پەیوەندی بە ئەندامانی دەستەی دادوەرییەوە بکەن.
ئەوان نابێت:

- لۆبی بکەن بۆ ئەندامانی دەستەی دادوەری
- داوای پاڵپشتی بکەن
- گفتوگۆ دەربارەی داواکارییەکانیان بکەن
- بابەتی زیادەیان بۆ بنێرن
- پرسیار دەربارەی نمرەکانیان بکەن
- پرسیار دەربارەی پێشکەشکاری دیکە بکەن
- بە دوای زانیاری نەهێنیدا بن
- داوا لە لایەنی سێیەم بکەن کاریگەری بخەنە سەر ئەندامانی دەستەی دادوەری لەبری ئەوان

تەواوی گفتوگۆ پەیوەندیدارەکان بە داواکارییەوە دەبێت لە ڕێگای کەناڵە فەرمییەکانی سندوقی فیلمی کوردستان ڕووبدەن
پەیوەندی ڕێکەوتی کۆمەڵایەتی یان پیشەیی قەدەغە نییە، بەڵام نابێت لەو ماوەیەدا باس لە داواکارییەکە بکرێت.

14. فشار و کاریگەری دەرەکی

نابێت هیچ تاکە کەس یان دەزگایەک - لە نێویاندا دەسەڵاتە گشتییەکان، هاوبەشان، سپۆنسەر، کەسانی پیشەیی ناو پیشەسازییەکە، ڕێکخراوە کلتوورییەکان، یان هەر لایەنێکی سێیەم - کاریگەری نادروست بخەنە سەر هەڵسەنگاندنی هونەری یاخود هەڵبژاردنی پڕۆژەی پاڵپشتیکراوی سندوقی فیلمی کوردستان.
گەر ئەندامێکی ستافی سندوقی فیلمی کوردستان یاخود دەستەی دادوەری، یان شارەزایان داواکاری لەو جۆرەیان پێ بگات، پێویستە سەرپەرشتیاری پڕۆگرام یاخود دەسەڵاتی تایبەتمەند ئاگادار بکەنەوە و تۆماری بکەن.
بڕیاری پاڵپشتی دەبێت پشت بە پڕۆسە و بنەماکانی هەڵسەنگاندنی سندوق ببەستێت

15. پاراستنی زانیاری نهێنی لە ڕاگەیاندنی پێکدادان

ڕاگەیاندنی پێکدادانی بەرژەوەندی پێویستە وەک تۆماری نهێنی ناوخۆیی مامەڵەی بکرێت.
زانیارییەکان دەبێت تەنیا لەگەڵ کەسانی بەرپرس لە بڕیاردان و بەڕێوەبردنی پێکدادان بەش بکرێت.
نابێت ڕاگەیاندنی پێکدادان لەگەڵ پێشکەشکاران یاخود لایەنی سێیەم باس بکرێت مەگەر بە یاسا داواکرابێت یاخود بە شێوەی فەرمی لەلایەن سندوقی فیلمی کوردستان ڕێپێدانی بۆ کرابێت.

16. شکست لە ڕاگەیاندنی پێکدادان

شکستهێنان لە ڕاگەیاندنی پێکدادان دەکرێت وەک پێشێلکاری بەرچاوی پڕۆسەی کاری سندوقی فیلمی کوردستان تەماشا بکرێت
بەپێی بار و دۆخ، دەرئەنجامەکەی دەکرێت ئەمانە لەخۆ بگرێت:

- ئاگادارکردنەوەی فەرمی.
- دوورخستنەوە لە هەڵسەنگاندنی پڕۆژەی کارلێکراو.
- دوورخستنەوە لە دەستەی دادوەری یاخود پڕۆسەکانی سندوق.
- کۆتایی هێنان بە پەیوەندی ڕاوێژکاریی یان پیشەیی.

17. تۆمارکردنی پێکدادانی بەرژەوەندی

پێویستە سندوقی فیلمی کوردستان تۆمارێکی نهێنی هەبێت بۆ پێکدادانی بەرژەوەندییەکان:

- ناوی ئەو کەسەی پێکدادانەکە ڕادەگەیەنێت
- ڕۆڵ
- پڕۆژەی کاریگەر
- سروشتی پێکدادان
- بەرواری ڕاگەیاندن
- هەڵسەنگاندن
- بڕیار

- ڕێکارەکانی خۆبەدوورگرتن یان کەمکردنەوەی کاریگەری
- ئەو کەسەی ڕێپێدان بە بڕیار دەدات
- بەرواری داخستنی بابەت

ئەم تۆمارە بەشێک دەبێت لە پەیڕەوی وردبینیی دامەزراوەیی سندوق.

18. کێ بڕیار دەدات داخۆ پێکدادان هەیە یاخود نا؟

گریمانەی پێکدادان دەبێت بدرێت بە سەرپەرشتیاری پڕۆگرام یاخود دەسەڵاتی دیاریکراوی سندوقی فیلمی کوردستان بۆ هەڵسەنگاندن.
گەر سەرپەرشتیاری پڕۆگرام خۆی گریمانەی پێکدادانی هەبوو، دەبێت بابەتەکە بدرێتە دەست بڕیاردەرێکی دیکەی باڵای ڕێپێدراو.
نابێت هیچ لایەنێک دوا بڕیار لە پێکدادانێکی بەرژەوەندی بدات کە خودی خۆی بگرێتەوە.

19. بنەمای ڕاگەیاندن

سندوقی فیلمی کوردستان ئەم بنەمایەی خوارەوە پەیڕەو دەکات:

گەر گومانت هەبوو، ڕایبگەیەنە.
ڕاگەیاندنی ئەگەری پێکدادان نیشانەی بەدکاریی نییە.
ڕاگەیاندن دەبێتە مایەی پاراستنی تاک، پێشکەشکار، دەستەی دادوەری، لەگەڵ سندوقی فیلمی کوردستان.
ئامانج لەم یاسایە لەناوبردنی پەیوەندی ئاسایی پیشەیی نییە لە ناو پیشەسازی فیلمدا، بەڵکو بۆ دڵنیاییە کە ئەو پەیوەندییانە هەرگیز نابنە مایەی شێواندنی - یاخود وا دەربکەون کە دەبنە مایەی لەکارخستنی - سەربەخۆیی، ڕەوایی، لەگەڵ متمانەپێکراویی بڕیارەکانی سندوقی فیلمی کوردستان.

20. قبوڵکردن

هەموو ئەو کەسانەی ئەم یاسایە دەیانگرێتەوە دەبێت دووپاتی بکەنەوە کە ئەوان:

- یاسای پێکدادانی بەرژەوەندییەکانیان خوێندۆتەوە و تێگەیشتوون
- ڕەزامەندن کە پابەند دەبن بە مەرجەکانییەوە
- هەموو پێکدادانە زانراوەکانیان ڕاگەیاندووە
- دەم و دەست هەر پێکدادانێکی دیکە ڕادەگەیەنن کە سەرهەڵبدەن

ناو:

پلە / ڕۆڵ:

واژۆ:

بەروار:

سوپاس

ئیمەیڵ

info.fund@creativekurdistan.krd

بۆ پەیوەندی

+964 (772) 139 2923

ناونیشان

تەلاری هێرا، شەقامی میدیا، نهۆمی 3، شوقەی-30 31،
سلێمانی، هەرێمی کوردستانی عێراق



KURDISTAN FILM FUND